# نوکتەی مارکسیەتی پەرلەمانی کوردی

نیهاد جامی

هەمومان لەگەڵ ئەوەداین کەهێزە ناکۆکەکانی دنیای کوردیی لەبری بیرکردنەوە لەزمانی چەك وعەقڵی تاکپەرستی بگەڕێنەوە بۆ گفتوگۆودەیالۆگ کردن لەهۆڵی پەرلەماندا بەڵام گفتوگۆکردنی شەڕکەرەکان وبەشداریکردنی لایەنەکانی تر نەبێتە هۆی ئەوەی ئامادەبێت هەموو شتێك بکات تەنها بۆئەوەی دڵنەوایی بەخۆمان ببەخشین، ئەوە ڕاستە کاتێ ئاشتی نەبوو شەڕ لەناو شەقام وکۆڵان وشار بوو.. ژیان بوونی نیە، بەڵام ئاشتیش بەومانایە نا کە ئێمە بەدژی بڕواکانی خۆمان بوەستینەوە، چونکە ئەو دژوەستانەوەیە ڕێگە خۆش دەکاتەوە بۆعەقڵیەتی تاکە دەنگی، بۆچی دەبینین لەکاتی سوێندخواردنی ئەندام پەرلەمانە نوێیەکان، لایەنگرانی هێزە ئیسلامیەکان لەکاتی سوێندخواردن هیچ پێیان شەرمونەنگی نیە کاتێ بەجلوبەرگی ئیسلامی و ژنەکانیان بە پۆشاکی داپۆشراوی حیجابەوە سوێندبخۆن ئەی بۆچی دەبێت، ئەندام پەرلەمانێکی نوێنەری حزبی شوعی کوردستان لەکاتی سوێند خواردن بڵێت"سوێند ئەخۆم بەخوای گەورە" ئەو سوێند خواردنە پێویستی بە لەسەر وەستانە لەوەی دووفاقیەتی ئەو جۆرە سوێندە ڕابگرین چونکە ئەو تازە ئەندام پەرلەمانە یا ئەوەتا فێڵ لەحزبەکەی دەکات وشوعی نیە یاخود دەیەوێ لەناو پەرلەمان فێڵمان لێبکات، بۆچی؟ دیارە کەسی شوعی کارەکتەرێکە بڕوای وایە گەردوون بەرەنجام وبەرهەمی ماددەیە، سرووشت لەماددە پێك هاتووەو تا ماددەش هەبێت گەردوون وەك خۆی دەمێنێتەوە بەمانای کەسی شوعی بەهیچ چەشنێك بڕوای بەوە نیە کە شتێك هەبێت پێی بڵێن کۆتایی گەردوون، هەرچی ئیسلامە بڕوای وایە کە یەزدان خوڵقێنەری سرووشتەو ئەو بوو ئادەمی درووست کردوو دواتر لەپەراسوەکانی ئادەمیش حەوای خوڵقاندوپەیوەندیی سێکسی ئەو ڕەگەزە هەر بەفرمانی یەزدان بوو بۆ وەچە نانەوەتا ئەوکاتەی ئەهریمەن توانی فریویان بدات، بەپێی چیرۆکە ئاینیەکە ئەوەژن بوو زوو لەخشتە براو پیاو دوای کەوت وسەرەنجام مرۆڤ لەبەهەشت کرایە دەرەوەو خرایە سەر زەوی بەدوای زنجیرەی هاتنی پێغەمبەرەکانی خوا سەرەنجام شتێك هەیە پێی دەووترێت ڕۆژی قیامەت ولەسەر ئیمانداربوون وبڕوابوون بەیەزدان بەهەشت ودۆزەخ دەست نیشان دەکرێت.

گێڕانەوەی ئەو دوو دیدە بۆئەوەیە کە یا ئەوەتە بڕوامان بەو تێڕوانینە مارکسیە هەیە بۆبوون یا بەو تێگەشتنە ئاینیەی کە شوعیەك لەووڵاتی ئێمەدا سوێندی پێدەخوات، ئایا لەهەمو دونیادا شوعیەك هەیە سوێند بە یەزدان بخوات؟ ڕاستە ئەوەمەسەلەیەکە لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەو چەشنە جێگەی بایەخدان نیە، بەڵام پێویستە بۆ شوعیەکان بەهەند وەربگیر ێت، چونکە ئەو تیێڕوانینەیە بەدرێژایی مێژوو بووە بە شکستی هەر هەوڵێکی کۆمۆنیستیانە لەکوردستان، ئەو هەوڵەش مەبەستمان لە ناوسیاقی فیکریە نەوەکو وەك چالاکی کۆمەڵایەتی، ئایا بەڕاست بێدەنگ بوون لەو جۆرە تێڕوانیە گوزارشت لەچی دەکات؟ ئێمە مارکسیەکی موسوڵمانین؟ ئایا ئەو حزبە لێپێچینەوە لەتەك ئەو ئەندامە روناکبیرەی خۆی دەکات؟ یا ئەوە ستراتیژێکی سیاسی ئەو هێزەیە؟ هەریەکێك لەو جۆرە پرسیارانە بەمەبەستی قسەکردنەوەیە لەفکری مارکس، کەئەوە ئەو هێزانان بەناوی مارکسەوە شکست بەوگوتارە دێنن نەوەك نەیارانی مارکس، بۆیە کاتێك هێزە ئیسلامیەکان ڕاستەوخۆ دژایەتی خۆیان بۆفکری مارکس ڕادەگەیەنن نابێت ئەو دژایەتیە تووشی نائومێدیی وەڕسیمان بکات، بەڵکو دەبێت گەشبین بین بەوەی دەزانین بەرامبەرەکانمان دژی فکرەکەمان وەستاون، بەڵام کارەسات وتراژیدیا لەوەدایە پێمان وابێت هێزی ئێمە لەناو پەرلەمان توانای قسەکردنی هەیەو دواتر هێزێك بێت نەك هەر دەستەمۆی گوتاری ئاینی بێت، بەڵکو دەنگی خۆشی بکاتەوە بەشێك لەناو ئەو گوتارە، بۆیە پێویستە ئەو دێرەی ئەنگلس لێرەدا وەك خۆی بنووسینەوە کاتێ ووتی"لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەکی تەکنەلۆژیدا پێویستە مارکسیەکان بەخۆیاندا بچنەوە" ئەو دێرە هەرگیز بەو مەبەستە نەمان هێناوەتەوە تا ئەندام پەرلەمان شوعیە موسوڵمانەکەی خۆمان گفتوگۆمان لەتەکدا بکات، نەخێر تەنیا بۆئەوە هێناومانەوە بۆئەوەی بزانین لەنێوان ئەو قسەیەی ئەنگلس و ئەو تێڕوانینە دووفاقیەدا جیاوازیەکانمان چین؟ ئایا بەخۆداچوونەوەی کەسی مارکسی چیە؟ یەکێك لەو هەڵانەی لینین دەیکات لەناو گوتاری مارکسیزم پەیرەو نەکردن وبەهەند وەرنەگرتنی ئەودۆخ وقۆناغەی ڕووسیایە، بۆیە ئەوە مارکس نەبوو لەڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت شکستی پێهات، بەڵکو ئەوە لینین بوو شکستی هێنا، ئەو لینینەی تا ئەو دەورانەش ئەو هێزە چەپە کوردیە بڕوای پێیەتی، بەخۆداچوونەوە لەگەڵ گۆڕانەکانی دونیا نەنەگیی و عەیبێکە وە نەشکست هێنانی گوتارێکی فیکریە، چونکە دواجار تۆخاوەنی تێڕوانینێکی فەلسەفی وئابوری لەپێناو گۆڕانی دونیادا، ئەوە شەرمکردن نیە لەگۆڕانی دونیا، چونکە تۆ لەبنەڕەتدا خەبات بۆئەوە دەکەیت، بەڵکو بەهەند وەرنەگرتنی خۆتە، هەست نەکردن بەقورسایی خۆت ودڵنیانەبوونە لەوەی کە ئاخۆ لە دەرەوەی ناسیۆنالیزمەوە تۆ هێزێکت هەیە جێگای ئومێد بێت، کە هێزێکی سیاسی نەیبێت ئەوە تاوانەکە لەئەستۆی تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نیە هێندەی ئەو حزبە لەئاستی خۆی لێی بەرپرسیارە، بۆئەوەی بەتەنیا بەرپرسیاریەتیەکە نەخەینە ئەستۆی ئەو ئەندام پەرلەمانە موسوڵمانە شوعیە ، هەوڵ دەدەین لە ئاستێکی ترەوە بپرسین ئایا ئەوە هەڵوێستی کەسی ئەندام پەرلەمان بوو؟ یاخود دەنگێك بو گوزارشتی لە هێزێکی سیاسی شوعی ووڵاتی ئێمە دەکرد؟

جارێ بەرلەهەر شتێك گەر ئەو بەڕێزە گوزارشتی لەخۆی کردبێت، پێویستە ئەو حزبە قسەی تری هەبێت چونکە ئەو نوێنەری حزبەو لەسەرئاستی کەسی نەبۆتە ئەندامی پەرلەمان، بەڵام گلەیی لەکێ ولەکام هێزی لەو چەشنە بکەین، ئەوە بەتەنها دوفاقیەتی ئەو شوعیە موسوڵمانە نیە، هێندەی بەرهەمی عەقڵیەتی کایەکانی تری ئەو حزبەیە چونکە ئەو ئەوەتە لەکاتێکدا لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکانیدا قورئان لێنادات، کەپێی دەڵێیت بۆ قورئان لێ نادەیت دەڵێ باوەڕم پێی نیە، باشە باوەڕت پێی نیە لێی نادەیت لەسەر ئەو بنەمایەیە کەتۆ شوعیت ئەی چۆن بەناوی ئەو یەزدانە سوێند دەخۆن کەباوەڕتان پێی نیە،

**مەسەلەکەش لەدووخاڵ یەکێکیانە یا بڕواتان پێیەتی دەترسن گەر وابڵێن قوڕسایی روناکبیری لەدەست بدەن، یا ئەوەتە بڕواتان پێی نیەو تەنها دەتانەوێ پەرلەمان‌وکۆمەڵگاو ئەو دووهێزە بخەڵەتێنن.**